# دادگایی و ئیعدامی سەدام جێ بە جێ کرا ئەی شاگردەکانی،،،؟

حەمە کەریم

ساحەی سیاسی عێراق وا لەگرێژەنە چووە ، تەنانەت حاکمانی دەسەلاتداریش نازانن بەرەو کوێ مل دەنێن ، یان بە مانایەکی تر ئەوانەی ئەمڕۆ لەناو ئەو دەولەتە کاریکاتۆریەدا بەشدارن هەر بە سوونە ، شیعە ، کورد ، تورکمان ، ئاشوری ، ،،هتد خۆشیان هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیان نیە ، نازانن تا چەند ڕۆژی تر نەفەس دەدەن ، ڕەوتی کۆنەپەرەستانی قەومی و مەزهەبی و تەیافەگەری کۆلەکەی پێک هێنانی ئەو دەولەتەن ، کە هەریەکەیان بگریت لەبەرامبەر ئەوانی تردا لەسەنگەر پەتەوکردندایەو هەریەکە لەوانە لەبەرابەر یەکدی بە دەیان و سەدان کێشەی سیاسیان هەیەو لە کۆششی ئەوەدان کە بتوانن تەسفیەی ئەوی تر بکات ، هەموو لە سەعاتی سفردان لە بۆ هێرش بردنە سەرسەنگەری هاوپەیمانی بەرامبەری ، و درێژەی تەمەنی ئەوان گەرەنتی تاکە دەقەیەکی نیە ، شیعە و سونە ئەوە لەدوای ئیعدامی سەدامەوە کە بە هوتاف کێشانی ڕەوتی کۆنەپەرەستانەی سەدریەکان و موقتەداکان ئیعدام کرا ئەوا بۆتە زامێک و بەسەر دلی سوونەکانەوە ، ئەم کردارە زەنگی هەلگیرساندنی شەڕێکی سەرتاسەریە لە نێوان سوونەو شیعە دا ، یان مەسەلەی کەرکوک بەیانی هەلگیرساندنی شەڕی نێوان شیعەو سەرانی ناسیونالیستی کوردە. مەسەلەی ئیعدامی سەدام موژدەی هێنانی عەدالەتی کۆمەلایەتی نابێت و نابێتە هۆی کۆتایی توندوتیژی ، بەلکە پەردەیەکی تری ئەو شانۆیەیە کە سەدام دەرهێنەری بوو ، سەرکووت ، بێ مافی ، نابەرابەری ، هەلاواردنی ئینسانەکان لەیەکتری بە بیانووی شیعەبوونی یان کوردوتورکمانوئاشوری بوونی ، یان سوونە بوونی ، ئەمانە ئەو دەرەنجامانەن لەسایەی ئەم سیستەمە نوێیەدا هاتۆتە کایەوە ، سەرکوتی ژنان لەژێر ناوی پاراستنی دینی ئیسلام و دەست لەناو دەست نانی سەرجەم کۆنەپەرەستانی ناو بازنەی عێراق ، ئەگەر کەمێک بەباگراوندی تەمەنی سەرانی دەولەتی عێراقدا ڕۆچینە خوارێ ئەوا هەریەکە لەمانە مێژوویەکی خۆی هەیە ، مێژووی سەرانی ناسیونالیستی کورد ئەوە هەمیشە لەئامێزی دەولەتانی دژ بە کێشەکەی خۆیاندا بوون ، یان لەئێران یا لە تورکیا یا لەسوریا یا لەگەل سەدامدا زوربەی کات لەسەر مێزی گفتوگۆ بوون و ساتوسەودایان هەبووە ، یان لە دوای ڕاپەڕینەوە کەوتونەتە تالان و برۆی سەروەت وسامانی کۆمەلگاو ، دزی و گیرفان پڕ کردن بۆتە سوونەتێکی ڕۆژانەیان ، وە خەلکیش لەبەرامبەر بێمافی و نەبوونی ئەمنیەت و پێداویستیەکانیان بە هەزارانیان ڕۆژانە دەڕژێنە سەر شەقامەکان و وەلامەکانیشیان بۆ ئەو داوایانە گوولەی گڕاوی بووە بەرەو سنگی خەلکی ڕاپەڕیو ، یان شەڕێکی کۆنەپەرەستانەی نێوان دوو زلهێزەکەی پارتی و یەکیەتی کە تاڕادەی تەسفیەی یەکدی و لەشکرکێشیان لەولاتانی دژ بە خەلکی کوردستانەوە هێنایە سەر یەکتر ، کە بە ڕژانی خوێنی هەزاران خەلکی و ئاوارەیی هەزاران خێزان و شێواندنی شێوەی دیموگرافی دانیشتوانی کوردستان کۆتایی هات ، گەورە کردنی قەبارەی زیندانەکان و کردنەوەی زیندانی ژنان و کوشتن و تیرۆر کردنی دەیان وسەدان تاکی نەیار بەخۆیان و قەلەو کردن و گۆش کردنی هێزی تیرۆریستی و بەردانە گیانی خەلکی ئازادی خوازو شۆڕشگێر و تیرۆری چەندین تاکی چەپ و کۆمۆنیست لەژێر ناوی پاراستنی سوونەتی ئیسلام و ڕازیکردنی دلی دەولەتانی دراوسێ ، کوژرانی هەزاران ژن لە ژێر ناوی ناموسپەرەستی ، وە برسیەتی و گرانی نەبوونی ئازادی سیاسی و پێشێل کردنی سەرەتاییترین مافە دیموکراسیەکان و ئاوارە بوونی سەدان هەزار لاوی کورد لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران ، ئەمانە دەرەنجامەکانی سیاسەتی

کۆنەپەرەستانەی قوتابخانەی کوردایەتی بوون ، ئەمانەی لە کوردستان حوکم دەکەن مێژوویەکی پڕ لەسەروەریان نیە بۆ خەڵکی کوردستان ، بەڵکە مێژوویەکی خوێناویان هەیە ، تارادەی ئەوەی هاوکاری کردنی دەوڵەتانی کۆنەپەرەستی دراوسێ ببوە سوونەتێکی ڕۆژانەیان ، وە دەست تێکەلاوکردن لەگەڵ ڕژێمی سەدام ودراوسێکاندا ببوە سوونەتێکی پیرۆز ، تا ئەوەی بە ئاشکرا ڕۆژانە سات وسەودایان لەگەڵ سەدام دەکرد و وایان کردبوو مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی میری ببوە کارێکی پیرۆز بەناوی ئاڵوگۆڕی بازرگانیەوە . یان ئەو دۆزەخەی کە لە ناوەند و باشووری عێراقدا بەدەستی سوونە وشیعەوە داخراوە ، کە بە کۆتایی هاتنی گیانی دەیان هەزار کەس تا ئێستاش لە بەردەوامیدایە ، کۆتایی نەهاتووە ، کۆنەپەرستەکانی شیعەو سونی مەزهەب کە هاوپەیمانی سەرانی کوردستانن لە پێک هێنانی ئەو حکومەتەدا ، وە داڕشتنی چەند قۆڵیانەی ئەم هێزە کۆنەپەرەستانە لە دەستوورێکدا کە ئەسڵەن تەعبیر لەخواست و ئاواتەکانی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان و عێراق ، بەڵکە سەرف دەستوورێکە کە کۆپیەی ئێرانی ئیسلامیەو ئینسان تیایدا هیچ ئازادیەکی نیە وتەنها کۆنەپەرەستانی پان ئیسلامیزم تەراتێنی تێدا دەکەن ، وە لە بەندی یەکەم وە تا ئەخیر وەستانەوەیە بەرامبەر مافی ئینسانەکان .

بێینە سەر ئەسلی مەسەلەکە کە دەوڵەتانی زلهێزی دنیا بەوێنەی ئەمریکا وبریتانیا کە دروستکەری ئەم بارودۆخەن لە ئەمڕۆی عێراقدا ، کە مێژووی ئەم دوو دەوڵەتە لەسەرجەم جیهاندا تەنها ئینسان کوشتنەو برسیکردنی ملیونان ئینسانی سەر ڕووی زەمینە ، وە نوێنەرانی ئەم دوو دەولەتەش لە کوردستاندا پارتی ویەکیەتی و سەرجەم تەیفە کۆنەپەرەستەکانە ، ئەوەی کە بڕیاری خەڵکی سەرجەم جیهانە لە ناوبردنی بۆش و بلێرە ، وە ئیعدام کردنی ئەوانە بەر لەهەموو کەس و تاکێک ، پاشان شاگردەکانی سەدامی دیکتاتۆر ، واتە دەبێت ڕۆژێک بێت خەڵکانی جیهان سەرجەم دیکتاتۆرەکانی جیهان خۆیان و شاگردەکانیان لەناو قەفەسی تاوان دا کۆبکەنەوەو یەکەیەکە بیان هێننە بەردەم دادگایەکی عادیلانەو تاتۆڵەی سەرجەم بێتاوانانی جیهان بکرێتەوە .